السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# هەر کەسێک بمرێت لە سەر پاڕانەوە لە جگە لە الله ئەوا دەچێتە دۆزەخەوە

لە عبدالله کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- شتێکی فەرموو ومن شتێکی تر، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «هەر کەسێک بمرێت لە سەر پاڕانەوە لە جگە لە الله ئەوا دەچێتە دۆزەخەوە»، ومن ووتم: هەرکەسێك بمرێت لەسەر نەپاڕانەوە لە جگە لە الله ؛ ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەكات هەركەسێك شتێك بكات بۆ جگە لە خوای گەورە ؛ لەو شتانەی كە واجبە تەنها بۆ الله ئەنجام بدرێن، وەكو پاڕانەوە وداواكردن لە جگە لە الله -سبحانه وتعالى-، یان داوای بەهاناوە هاتن لە جگە لە الله، و لەسەر ئەم حاڵە بمرێت ؛ ئەوا لە ئەهلی دۆزەخە. وئیبن مەسعودیش -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: هەركەسێك بمرێت و بەهیچ شێوەیەك هاوبەشی بۆ خوای گەورە بڕیار نەدابێت ؛ ئەوا چارەنووسی بەرەو بەهەشتە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3419

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee